




ئەمە دوا نزرگەی
گاندی بوو لە
زیندان.
بەمجۆرە لە ماوەی
ژیانی دووسەدو
چلو نۆ رۆژ لە
زیندانەکانی
ئەفریکا بەسەربرد،
هەروەها دوو
هەزارو هەشتاو نۆ
رۆژیش لە
زیندانەکانی
هیندستان.





لە کاتی دەرچوونی لە زیندان بەرەو کەنار ڕۆیشت بۆئەوەی ماوەی چاکبوونەوەی لەوێ بەسەرببات. دوای تێپەڕبوونی چەند مانگێک چاک بۆوە.
لە حوزەیرانی 1944 ...
لەماوەی دەستگیر کردنت بارەکان زۆر گۆڕاون ، جەنگ ئینگلیزەکانی ماندوو کرد، ئێستا ئامادەن لە ماوەیەکی کورتخایەندا سەربەخۆییمان بدەنێ.
بەمجۆرە کەواتە خەونەکەمان لە ژیانی هیندێکی سەربەخۆو یەکگرتوو دێتە دی. جەناح ئازیزم تۆش بەختەوەر دیاریت، تۆ یەکێك بووی شان بە شانی ئێمە تێکۆشایت!
کتومت وایە... من بە سیفەتی ئەوەی سەرۆکی یەکگرتووی ئیسلامیم دەمەوێ دەوڵەتێکی جیا لە هیندستان دامەزرێنم، کە تیایدا هەموو موسڵمانە هیندیەکان لە خۆی بگرێ.
بەڵام بۆچی؟!
دەکارێ هەموو هیندییەکان بەیەکەوە بژین، هەتا ئەگەر ئاینەکان جیاوازیشیان هەبێت!
ئێمەی موسڵمانان ژمارەمان بە چوار بەرامبەری هیندۆسەکان کەمترە، بەخێرایی لێدەدرێین!
نەخێر، ئەمە ڕاست نییە..!
ناتوانی ڕاکەم بگۆڕیت! ئێمە دەوڵەتێکی ئیسلامیمان دەوێ، ئەگەر پێویست بکات هێز بەکاردێنین!
لە ئاداری 1946 گاندی پێشوازی لە جێگری تازەی پاشا لۆرد ماونتباتن کرد.
بۆئەوە دایانمەزراندم کە بەزووترین سەربەخۆیی بدەمە هیندستان. من پێویستیم بە ئامۆژگارییەکانت هەیە، بە کارەکان بەبێ ڕووداو بچنە پێشەوە.
سەربەخۆیی! بەردەوام چەندین ساڵە بە هەموو هێزمەوە تەمەننای سەربەخۆییم دەکرد، بەڵام ئەمڕۆ خەریکە لێی دەترسم...
هەموو بەربرسە سیاسی و ئاینییەکان کۆبکەوە، لەوانەیە سەرسامییەك ڕووبدات....
٣٣


پاشان...
رازی نابین بە سەربەخۆیی هیندستان تاوەکو دەوڵەتی پاکستان دانەمەزرێ لەم دوو ویلایەتەی کە زۆرینەی خەڵکانی موسڵمانن!
بەڵام هەزار کیلۆمەتر زیاتر ئەم دوو ویلایەتە جیا دەکاتەوە! ئەی چارەنووسی دانیشتوانی هیندۆسەکان چی بەسەردێ؟
پێویستە بڕۆن موسڵمانەکان شوێنیان بگرنەوە، ئەوانەی ئارەزووی دامەزراندنی دەوڵەتی پاکستانیان هەیە!
هاوڕێکەم تکات لێدەکەم، ئەم بیرکردنەوەیە شێتانەیەت راست بکەرەوە! من پێشنیاری ئەوەت بۆ دەکەم ببیت بە سەرۆك وەزیرانی هیندستان!
بەباشتری دەزانم ببم بە سەرۆك وەزیرانی پاکستان!
دواتر جەناح بانگەوازێک ئاراستەی موسڵمانەکان کرد، تێدا بانگهێشتی موسڵمانەکان دەکا بۆ خەباتی چەکداری. لە ساڵی 1946 لە کالکۆتا...
موسڵمانەکان ژن و منداڵەکانمان دەکوژن! پەرستگاکان و ماڵەکانمان دەڕووخێنن! پێویستە شەڕ بکەین!
تۆڵەسەندنەوە!
مەرگ بۆ موسڵمانەکان!
رووداوێک ناوی لێنرا ((قەسابخانەی گەورە))...
٣٤


مەهاتما، وڵات لەسەر لێواری شەڕی ناوخۆیە! دەرەنجامی قەسابخانەکەی کالکۆتا 5000 کوژراوو 15000 بریندارە! ئێستا توندوتیژی لە زۆربەی ویلایەتەکان بڵاوبۆتەوە
نەهرۆ دەزانم، لەوانەیە نەمتوانیوە ژمارەیەکی باش لە هیندییەکان لەسەر ناتوندوتیژی رازی بکەم.
بەڵام بۆ کوێ دەچیت؟
دەچمە کالکۆتا! لەگەڵ خۆمدا ئاشت نابمەوە تا نەچمە بۆ ئەوێ!
ئەم شێتییە تاوانکارییە مرۆڤ دەکا بە ئاژەڵێکی دڕندە....
گومانم لەوە هەیە هەوڵەکان سەربکەون، بەڵام لەگەڵ ئەوەش هەوڵ دەدەم...
بێویستە لەسەرمان پێکەوە بە ئاشتی بژین، وەك چۆن من لەلای برا موسڵمانەکەم دەژیم کەوا لای ئەو میواندارم !
تۆ خیانەت لە ئایینی خۆت دەکەیت!
بەڵام من هیندۆسیم، لە یەك کاتیشدا موسڵمان و مەسیحی و جوولەکەم، هەموو ئایینەکان دەبێ ڕێزیان لێبگیرێ ئەگەر ئامانجی خۆشەویستی خواوەندی ئاشتی بوو.
دواتر گاندی بەرە ئەو گوندانە رۆیشت کە تیایاندا توندوتیژی روویدا بوو...
لە ڕێگادا چاوم بە موسڵمانەکان کەوت پەنای هاوڕێیە هیندۆسەکانیان دەدا، ژیانی خۆیان خستبووە مەترسییەوە. هەروەها هیندۆسەکانیش پەنای موسڵمانەکان. هیوابڕ دەبم لە مرۆڤ ئەگەر ئەو ئامازە خواییانەی تێدا نەبینم..
لێکترببوورن و، لەگەڵ یەکتر ئاشت ببنەوە، تاکە ڕێگا، ڕێگای خۆشەویستییە!
٣٥


لەژێر ئەو کەشوهەوا توندوتیژەدا سەربەخۆیی هیندستان بە سەرکردایەنی نەهرۆ لە 15ی ئابی 1947 راگەیەنرا...
دەوڵەتی پاکستان بە سەرکردایەتی جەناح دامەزرا...
کەچی گاندی لە کالکۆتا لەپێناو ئاشتەوایی نێوان موسڵمانەکان و هیندۆسەکان بەڕۆژوو بوو، نوێژی دەکرد.
پاشان، ملیۆنەها لە هیندۆسەکان ناچاربوون پاکستان جێبێڵن، لەوکاتەشدا بە ملیۆنان موسڵمانی هیندی کۆچیان کرد، لە پاکستان نیشتەجێ بوون.
پاکستانی رۆژئاوا
هیندستان
پاکستانی رۆژهەڵات
قوربانیانی ئەم ((کۆچە گەورە))یە 500000 کەس بوو، بەهۆی ماندووبوون یان برسێتی یان شەڕەکان تێداچوون.
٣٦












سەرلەنوێ گاندی بریار دەدا بەڕۆژوو بێ، دیسانەوە سەیرو سەمەرەیەک روو دەدا لە ماوەی چەند رۆژێکی کەم ئاشتی باڵی بەسەر شارەکە دادەگرێ.


لە 29ی کانوونی دووەمی 1948
بابۆ، سەرۆکی پۆلیس دەیەوێ قسەت لەگەڵدا بکات.
باشە، با بفەرموێ
بەڕێز گاندی، دەبێ ئاگادارت بکەمەوە کەوا ژیانت لە مەترسیدایە! زانیاریمان هەیە کە لە هەوڵی تیرۆرکردنی جەنابتدان!
باش دەزانم هەندێک لە هیندۆسەکان رقیان لێم دەبێتەوە، دەیانەوێ بەتەواوی هیند هیندۆسی بێ، ئەوان بێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە من بەرپرسیارم لە دروست بوونی دەوڵەتی پاکستان.
شتێکی باشە گەر بێتو خۆت بپارێزی! دەتوانم تیمێکی پۆلیس لە خزمەتت دا بنێم!
نا سوپاس. لە هەموو ژیانم دژ بە توندوتیژی خەباتم کرد، ئەمڕۆش توندوتیژی بەکارناهێنم تاوەکو خۆم بپارێزم، دوایی هەموو شتێک کە لە دایک دەبێ رۆژێک بمرێ، بەتایبەتی لە تەمەنی یەکێکی وەک من...
چاکە... ئاگادارم کردیەوە!
لە رۆژی دواتر لە 30ی کانوونی دووەم، لەکاتژمێر پێنجی دوای نیوەڕۆ...
بابۆ دوادەکەوی لە نوێژکردن لەگەڵ باوەڕدارەکان!
ئۆە!
راستە!
ئەوە هاتم!
٣٨



ئەوەتا ئەو خیانەتکارە!
ئەمڕۆ لەوێدا خەڵکێکی زۆر کۆبوونەتەوە
تەق تەق تەق
ئاە خودایە!
٣٩




((لەوانەیە نەوەکانی داهاتوو زەحمەتە باوەڕ بکەن پیاوێکی وەک گاندی لەسەر ئەم زەمینە ژیا بێ)).
ئەلبێرت ئینچتاین